عەلی باپیر: حەماس و جیهاد و هاوکارانیان داستانێکی مەزنی مێژوییان تۆمارکرد

عەلی باپیر سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری لە پەیامێکدا رایدەگەیەنێت، موسڵمانانی حەماس و جیهاد و هاوکارانیان، داستانێکی مەزنی مێژوییان تۆمارکرد و دەڵێت، "سەرجەم ئامانجەکانی نەتەنیاهۆ و ڕژێمە زایۆنییەکەی، وەك لە ناوبردنی حەماس و دەرکردنی خەڵکی غەززە و کۆنترۆڵکردنی، پوچەڵ بونەوە، کەواتە جەنگەکەیان دۆڕاند".

عەلی باپیر لە پەیامەکەدا بڵاویکردەوە، "نیوەڕۆی ئەمڕۆ ئاگربەستی نێوان موجاهیدانی فەلەستین و غەززە و قەوارەی زایۆنیی دەستیپێکرد و جێبەجێکرا".

عەلی باپیر ئاماژەی بە شەش خاڵ کردوە و لە خاڵی یەکەمدا دەڵێت، "بەدڵنیاییەوە لە ماوەی 471 ڕۆژی ڕابردودا، بە خوێنی نزیکەی 47 شەهید و دەوری 110 هەزار بریندار و بە ڕووخانی دەوری 70%ی خانوبەرەکانی کەرتی غەززە، موسڵمانانی حەماس و جیهاد و هاوکارانیان، داستانێکی مەزنی مێژوییان تۆمارکرد، بە پێوەری هەر مرۆڤێکی عاقڵ و بەویژدان و جوامێر، سەرکەوتن و سەربەرزییەکی کەم وێنەیان، نەك هەر بۆ خۆیان و گەلی موسڵمانی

فەلەستینی، بەڵکو بۆ تێکڕای مسوڵمانان و ئازادیخوازانی جیهان، وەدەستهێنا و شایستەی
دەستخۆشیی و سوپاس و پێزانینن و، لێیان موبارەك بێت".
لە خاڵی دووەمدا ئەوەی خستۆتەڕوو، "ئاشکرایە ئەو هەموو ئازایەتیی و مەردایەتیی و
فیداکارییەی موجاهیدانی فەلەستین و کەرتی غەززە، زادەی و بەرهەمی عەقیدەی
ئیسلامییەکەیان، پەروەردەی ئیمانییەکەیانە و ئیمان و عەقیدەی ڕاستەقینەی خواپەرستیی
و خوا بەیەکگرتن (توحید)، ئەگەر ناوی بۆش و قرپێك و بێ ناوەڕۆك نەبێت، بەهۆی نزیکیی
لە ستەمکاران و پارە و خواردنی حەرام و تێگەیشتنی کەچ و پوچەوە، بێ خێر نەبوبێ،
هەمیشە ئازایەتیی و بوێریی و فیداکاریی لە مرۆڤدا پەیدا دەکات".
عەلی باپیر لە خاڵی سێیەمدا باسی لەوە کردوە، "وێڕای موجاهیدانی حەماس و جیهاد و ئەوانی
دیکەش، تێکڕای ئەو لایەنانەی هاوکار و پشتیوانیان بون، بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان، هەر
کەس و لایەنە لە قەدەر خۆی، پشك و بەشیان لەو سەرکەوتن و سەربەرزییەدا هەیە،
بە تێکڕای ئەو خەڵك و جەماوەرەشەوە، کە خۆپیشاندانی گەورە گەورەیان دەکردن لە
هەموو وڵاتاندا، بەتایبەت وڵاتانی ڕۆژئاوا، بگرە ناو قەوارەی زایۆنیش، کە دژی ڕژێمە
دڕندەکەیان بون".
سەبارەت بە خاڵی چوارەمیش، عەلی باپیر ڕونیکردۆتەوە، "وێڕای قەوارەی زایۆنیی، سەرجەم
ئەوانەی پشتگیریی و هاوکاریی ئەو ڕژێمەیان کرد، لە گوناح و دەستدرێژیی و کاولکاریی،
سەرەنجامیش شەرمەزاریی و سەرشۆڕیی ڕژێمەکەدا هاوبەشن، بەتایبەت ئەمریکا، هەروەها
تێکڕای دەوڵەتە مسوڵمانشینەکان کە بەحەق پیاوەکان بەرپرسیانین، دیسان سەرجەم
ئەوانەی بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاویان بە ئاشی قەوارەی زایۆنییدا کردوە، لە هەر بەرگ و
بیچم و شێوەیەك دابن، کاتێکیش لە جیهانی بەرزەخ و قیامەتدا دەچنەوە خزمەت خوا
"سبحانە وتعالی"، دەزانن چ زەبونیی و سەرشۆڕییەکیان بەسەردێت، لەسەر ئەو پشتبەردان
(خەزلان)ەی، مسوڵمانە ستەملێکراوەکانی فەلەستین".
سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری لە خاڵی پێنجەمدا دەڵێت، "خەڵك و جەماوەری کەرتی غەززە و
فەلەستینیش بەگشتیی، ژمارەی پێوانەییان لە خۆڕاگریی و پشو درێژیی و جوامێریدا شکاند،
هەمویان بە شەهید و بریندارەوەش لەو سەرکەوتن و سەربەرزییەدا بەشدارن، پێویستە
داینەمۆ و ئیلهامبەخشی تێکڕای خەڵکە مەزڵوم و چەوسێنراوەکانی دنیا بن".
عەلی باپیر لە خاڵی کۆتاییدا ڕونیکردۆتەوە، "ئەوەندە بەڵگەیە بەسە بۆ سەلماندنی
سەرکەوتنی حەماس و جیهاد بەسەر قەوارەی زایۆنییدا، کە سەرجەم ئامانجەکانی
نەتەنیاهۆ و ڕژێمە زایۆنییەکەی، وەك لەناوبردنی حەماس و دەرکردنی خەڵکی غەززە و
کۆنتڕۆڵکردنی و... هتد، پوچەڵ بونەوە، کەواتە جەنگەکەیان دۆڕاند، هەرچەندە

گە□ورە□ترین زلھ□زی ئ□ستای دنیایان لە□پشت بو، سە□رباری ئە□وە□ی قە□وارە□ی زای□نییش زیان□کی ز□ر ب□□ە□زای مر□یی و ماددیی کرد، لە□ پ□ش ھە□موشیە□وە□، لوت شکانی □و ب□ سومعە□ □و ئە□رزشبونی □و شە□رمە□زاریی".

عە□لی باپیر ئە□وە□شی راگە□یاندوە□، "ھیودارم وە□ك چە□ند پ□شتریش پ□شبینییم کردبو و وتبوم، مسو□مانانی غە□ززە□ □و فە□□ە□ستین ناشک□ن، ھە□□وە□شانە□وە□ی قە□وارە□ی زای□نییش، درە□نگ یان زو بە□دوای ئە□و د□□انە□یاندا ب□ت".